**پوختە**

پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق تەنها لە دەستووردا پەیوەندی گەلێکی ئاسایی و بێکێشەبوون، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع، هەرێمی کوردستان و بەغدا بەردەوام لە کێشمەکێشم و ململانێدا بوون، هەرێمی کوردستان بەردەوام خۆی وەک چەوساوە و قوربانیی دەستی بەغدا بینیوە، لە بەرانبەیشدا بەرپرسانی بەغدا بەردەوام وا سەیری هەرێمی کوردستانیان کردووە کە زیاد لە سنووری خۆی مومارەسەی دەسەڵاتدەکات، بۆیە دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت. ئەم زیهنییەت و تێگەیشتنە بە تەواوی زاڵ بووە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، لە داهاتووشدا ئەم جۆرە تێڕوانینە ڕەنگڕێژی ئاست و جۆری پەیوەندییەکان دەکات. ئەم تویژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی سیناریۆ یاخود گریمانەکانی داهاتووی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا لە ڕێگەی پشتبەستن بە شیکردنەوە ئەزموونی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ئەو قۆناغەی کە ئێستا عێراق پێیدا گوزەردەکات.

**وشە کلیلییەکان:** هەرێمی کوردستانی عێراق، حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ، نەوت و گاز، پرسی خاک و سنوور، پێشمەرگە، فیدرالیزم.

## داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق

### پێشەکی

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتەکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی دانیشتووانەکەی کە زۆرینەی کورد بوون، ئەمەش بووە هۆکاری سەرەکیی بەیەکەوە نەگونجان و ڕێککنەکەوتن لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق. پاشان بە درێژایی نزیکەی هەشتا ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٢١ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی دەسەڵاتدار بەردەوام سیاسەتێکی نەگونجاوی لە بەرانبەر کورد بەکارهێناوە، کە خۆی لە سەرکوتکردن و پەراوێزخستن و ناچارکردنی کورد دەبینیەوە. پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە لەلایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان لە بەغدا هەمیشە هۆکاری سەرەکیی قووڵبوونەوەی ناکۆکی و جیاوازییە جەوهەرییەکانی زیاتر تۆخدەکردەوە. بەڵام ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠٠٣ وەرچەرخانێکی بوو بۆ هەرێمی کوردستان و حکومەتی نوێی عێراق. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی پێکەوەنان و دروستکردنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەتی لە عێراق و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەییدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو شانبەشانی پێکهاتەی شیعە و سوننە لە عێراق، بەڵام ئەمەش نەبووە هۆی ئەوەی مێنتالیتەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق بە جۆرێک گۆڕانکاری بەسەردابێت کە توانای ئەوەی هەبێت قەبووڵی ئەوە بکات کە بەیەکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا بژین یانیش بەبێ پەنابردن بۆ ئامرازی ناڕەوا گرفتەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەربکات. بە پێچەوانەوە دوای بنیادنانی بنەماکانی دەوڵەتی نوێ و وەستان لەسەر پێی خۆی حکومەتی ناوەندی ئاراستەی سیاسەتکردنی لە

بەغدا خولاوەتەوە؟ بابەتە سەرەکییەکانی کاریگەر لە پەیوەندیی نێوان هەردوولا چین؟

## گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی توێژینەوە بریتییە لەوەی کە داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی چەند سیناریۆیەکدایە لەوانە سیناریۆی ڕێککەوتن، سیناریۆی بەردەوامیی کێشەکان بەبێ چارەسەری و سیناریۆی پچڕانی پەیوەندییەکان، ئەوەی ئەم سیناریۆیانە دیاریدەکات خۆی دەبێتەوە لە فاکتەرەکانی کاریگەری وەک (خاک، شێوازی حوکمڕانی، مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، مەلەفی نەوت و گاز، پرسی بودجە، پێشمەرگە) لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا.

## میتۆدی توێژینەوە

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە میانەی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، لێکدانەوە و شیکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی هەردوو میتۆدی مێژوویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بە شێوەیەکی زانستی گفتوگۆ لەبارەی بابەتی لێکۆڵینەوە دەکرێت، توێژەر هەوڵدەدات لە ڕوانگەی واقیعگەراییەوە بڕوانێتە ناوەڕۆکی بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.

میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Method of Content Analysis): ئەم میتۆدە بە یەکێک لە میتۆدە هەرە باوەکانی بواری لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسییەکان دادەنرێت، لە میانەی پێناسەکردن، شیکردنەوە و خستنەڕووی بابەت یان دیاردەکان (ئەبراش، ٢٠١٣، ٣٠٢).

**The Future of Relations between the Kurdistan Regional Government and the Iraqi Federal Government**

**Abstract**

As the relationship between the regional government and the centre was tainted by persistent issues and conflicts, the relations between the Kurdistan Regional Government and the Iraqi federal government were only reflected in the constitution and not on the ground. The regional government views itself as the victim of the centre, but centre officials contend that the regional government has exceeded its legal authority; as a result, these abuses must be stopped. After 2003, this understanding dominated the two parties' interactions, and it will continue to shape the extent and nature of their future relationships.

The main aim of the current study is to show a scenario or hypotheses for the future of relations between Erbil and Baghdad by relying on the analysis of the post-2003 experience and the experience of this stage that Iraq is going through.

Keywords: the Kurdistan Region of Iraq, the Iraqi federal government, oil and gas, the issue of land and borders, the Peshmerga, federalism.

